ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنەکەی هەڵگرت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، ئەنجومەنی نوێنەران دوای دەنگدان لەسەر دوو یاسا و خوێندنەوەی ژمارەیەك شنووسی یاسا، دانیشتنەکەی هەڵگرت.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت موحسن مەدەلاوی، فەرمانی پەکهەنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی کرد بە بەدواداچوون و لەکۆینەوە لە ڕاستییەکانی ڕووداوی ئاگرکوتنەوەکەی شاری هەولێر، و هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر شنووسی یاسای دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق دا، هەروەك دەنگی لەسەر شنووسی یاسای هەمواری نیەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە 40ی ساڵی 1988 داوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەنجومەن خوێندنەوەی یەکەمی بە شنووسی یاسای پشووی فەرمی تەواوکرد، هەروەها خوێندنەوەی یەکەمی بە یاسای هەمواری دووەمی یاسای کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (31)ی ساڵی 2019 کرد.

ڕونیشیکردەوە: لە میانەی دانیشتنەکەدا ئەنجومەن ڕاپۆرت و گفتوگۆی شنووسی یاسای گەڕاندنەوەی خانووبەرەی تەواو کرد، کە هەندێك بەیاری ئەنجومەنی فەرماندەیی شەڕ (هەوشاو) دەیگرێتەوە.